| | | |
|---|---|---|
| هەرێمی کوردستان - عێراق<br>ئەنجومەنی وەزیران<br>وەزارەتی ناوخۆ<br>ئیدارەی گەرمیان<br>بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی | Kurdistan Regional Government<br>Council of Ministries<br>Ministry of interior<br>Garmiyan Administration | أقليم كوردستان – العـراق<br>مجـلس الوزراء<br>وزارة الداخليـــة<br>أدارة كرميـــــان<br>مديرية الشؤون القانونية |

ژمـــارە : 1 / 1 / No : / /

ڕێکەوت : / / 2022 / / ٢٧22 كوردى Date : / / 2022

## ئاگاداری زیادکردنی ئاشکرا

لــیژنەی فرۆشتن و بە کرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت سەر بە ئیدارەی گەرمیان بۆ جاری دووەم هەڵدەستێت بە فرۆشتنی کەلوپەلە لە کارکەوتووەکانی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی ئیدارەی گەرمیان بە شێوەی زیادکردنی ئاشکرا بە پێ ی یاسای فرۆشتن و بە کرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت ژمارە (1) ساڵی (2021) ئەو کەس و لایەنانەی کە ئارەزوی کڕینی ئەو کەلوپەلانەیان هەیە دەتوانن سەردانی (بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی ئیدارەی گەرمیان) بکەن لە ڕۆژی دوای بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگادارییەوە بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەگەڵ هێنانی بارمتەی یاسایی بڕی (20%) پارەی خەمڵێنراو کە لە (200000) دووسەد هەزار دینار کەمتر نەبێت بە چەکێکی بانکی لە بانکێکی حکومی بێت زیادکردنەکە پاش (7) حەوت ڕۆژ لەدوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییەوە ئەنجام ئەدرێت لە کاتژمێری (10)ی سەر لە بەیانی لە ئیدارەی گەرمیان.

لەگەڵ ڕێزدا ...

تێبینی //

- بە بێ پێدانی بارمتەی یاسایی کەس مافی بەشداربوونی نیە.
- ئەگەر بەرواری دیاری کراوی پشووی فەرمی بوو ئەوا زیادکردنەکە لە یەکەم ڕۆژی دەوامی فەرمییەوە دوای پشوەکە ئەنجام دەدرێت.
- کرێی بڵاوکردنەوە و ئاگاداری و هەموو ڕسوماتێکی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی زیاد کردنەکەی بۆ دەردەچێت.
- دەبێت ئەو کەسەی زیادرکردنەکەی بۆ دەردەچێت لەماوەی کەمتر لە (15) ڕۆژ کەل و پەلەکان بگوازێتەوە بەرامبەر هەر دوا کەوتنێک بە پێ ی یاسا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت .
- **لەبەرواری (2022/11/9) ڕۆژی چوار شەممە سەعات (10) سەر لەبەیانی زیادکردنکە دەست پێدەکات** .

**جلال نوری عبدالقادر**

**سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان بە وەکالەت**

**٢٠22 / /**

<u>وێنەیەك بۆ:</u>

- ♦ بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی ئیدارەی گەرمیان / بۆ کاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا .
- ♦ سایتی ئیدارەی گەرمیان بۆ بڵاوکردنەوەی .
- ♦ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بۆ بڵاو کردنەوە.
- ♦ ڕۆژنامەی خەبات بۆ بڵاو کردنەوە.
- ♦ لیژنەی فرۆشتن و بە کرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت بۆ کاری پێویست.
- ♦ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسا لەگەل سەرەتاکاندا.